# نیشانەکردنی  سینتاکسییانەو توخمییانە لە زمانی کوردییدا

(PP 182 - 199)

**ID No. 2341**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.6.12

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

زانکۆی سلێمانی-کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**وەگـــــــرتن : 2018/06/04**

**پەسندکردن : 2018/10/10**

**بڵاوکردنەوە : 2018/12/27**

**پوختە**


توێژینەوەکە بە ناونیشانی (نیشانەکردنی  سینتاکسییانەو توخمییانە لە زمانی کوردییدا)یە، کە تێیدا نیشانەکردنی زایەندیی (sexual)و توخمیی(جێندەریی) لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا خراوەتەڕوو، پاشان لە هەنگاوەکانی دواتری توێژینەوەکەدا کاریگەریی زایەند لە دروستکردنی جیاوازیی جێندەریی و دروستکردنی پاسیڤیی و ئەکتیڤییدا خراوەتە ڕوو. لە ئەنجامدا دەرکەوتووە، کە جیاکاریی زایەندیی و جێندەریی لە سینتاکسدا نیشانە دەکرێت، هەروەها ئەکتیڤیی و پاسیڤیی کەرەستە فەرهەنگییەکان بە جێندەرو ئاوەزداریی گشتیی/نەتەوەو تاکەوە پەیوەستە.

## 1/0) پێشەکیی

هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی نیشانەکردنی (Marking) سینتاکسییانەو واتاییانە/توخمیانە/زایەندییانەی کەرەستە فەرهەنگییەکانە. بۆ ئەوەش لە فەرهەنگەوە دەستپێکراوەو لەو کەرەستانە کۆڵراوەتەوە، کە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو نیشانەکردنانە دروستبوون، پاشان دەستکراوە بە نیشانەکردنە مۆرفۆلۆژییەکان، ئەوانەی بەپێی تەرزەمۆرفۆلۆژییەکان بۆ نیشانەکردنەکان بەرهەمهێنراون. لە دوای ئەوە سینتاکس و نیشانەکردنی سینتاکسیانە خراوەتەڕوو.  هەنگاوەکان بۆ ئەو نیشانەکردنانە لە زایەندەوە بۆ توخم و پاشان بۆ چالاکیی و ناچالاکیی. لە ڕاستییدا سەنگی محەکی نیشانەکردنەکان بە پێی ئارگومێنتداواکەر/پریدیکات ئەنجامدراوە، چونکە وا پێشبینیی کراوە، کە زایەندو توخم/جێندەر بەشێک بن لە هەڵاوێرکردنی واتایی پریدیکاتەکان، بۆیە گرنگییەکی زۆر بۆ واتای پریدیکاتەکان دراوە. هەرچەندە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی کوردیی_ کرمانجیی ناوەڕاست_ شێوەزاری سلێمانیی تەرخانکراوە، بەڵام بۆ هێنانەوەی بەڵگەی دەرەکی پەل بۆ دیالێکتەکانی تر بەتایبەتیی کرمانجیی ژووروو نراوە.

## 1/1) پێکهاتەی واتایی

پێکهاتەی واتایی نواندنی واتایی پێکەوەهاتوویەکی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییە، بەو جۆرەی لە فەرهەنگەوە بۆ تووخمە پرۆژەسازدەرەکان ($X^0$) دەستنیشان کراوە. بەو پێیەی ئاخێوەری زمانێک لە فەرهەنگەکەی ناو مێشکیدا زانیارییە واتاییەکانی هەڵگیراون، بۆیە نواندنە سینتاکسییەکانی واتا ڕاستن. خۆی لە خۆیدا زانیارییە واتاییەکان لەلاین پریدیکاتەکانەوە لە نواندنە سینتاکسییەکاندا دەخرێنە ڕوو، یان بەشێکن لە زانیاریی ناوەکیی و دەرەکی ئارگومێنتەکان. هەریەک لە (X)ەکان زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکان (بۆ زانیارییە سینتاکسییەکان بڕوانە پێکهاتەی سینتاکسیی) تێدایە و لە نواندنە سینتاکسییەکاندا بەرجەستە دەبن. ئەو (X)ەنەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کاریان پێدەکرێت($X^n$ ناو (پریدیکات و ئارگومێنت)و $X^a$ئاوەڵناو، $X^v$ کردارەکانن. بڕوانە پێکهاتەی واتایی لە نواندنەکانی هێڵکاریی (1)دا




فره پێکهاتەی واتایی لە هێڵکاریی (1)دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە فەرهەنگەوە تا دوانواندنی سینتاکسیی، کە ڕستەی زمانی کوردیی دەکات، نواندنی جیاوازی پریدیکات و سەرە ڕێزمانییەکان هەن. دەستەواژە (Phrases)و دەستەواژیلەکان (Sub phrases) (بۆ دروستەی دەستەواژەو دەستەواژیلە بڕوانە : عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :2010: 26- 45 )) لە ڕووی سینتاکسەوە لە لایەن ناوو ئاوەڵناوو کردارو پێشناوو دیارخەرەکانەوە بەرهەمدێن، ڕستەش پرۆژەی کرداری شکاوەیە (کرداری تافدارو کردار بە ڕێکەوتنەوە) (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :2013:75-78). لەبەر ئەوەی هەر یەکە پریدیکاتەکانی ئاماژەیان پێدرا بۆ زمانی کوردیی ئاستی نواندنی سینتاکسیی جیاوازیان(بڕوانە پێکهاتەی سینتاکسیی) هەیە، بۆیە دەبێت پێشبینیی ئەوە بکرێن، پێکهاتەی واتایی واتایی جیاوازیشیان هەبێت. پریدیکاتەکان جگە لە ویستی سینتاکسیی هەڵاوێری واتایی پەیوەست بەو زانیارییە واتاییانەی تێیاندا هەڵگیراوە، دەکەن.

نیشانەکردن خۆی لە چێوەی فۆرمدارشتنی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیانەشدا ڕوودەدات. واتە (ا)لە ناو پێکهاتەی فەرهەنگییدا بۆ نیشانەکان فۆرم دارشتن هەیەو لە پێکهاتە واتاییەکاندا بە پێی کۆتوبەندی هەڵبژاردن (Selectional Description) لەلایەن پریدیکاتەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، یان (ب)لە پێکهاتەی واتایی/ دروستەی قووڵدا بۆ نیشانەکان فۆڕم دادەڕێژرێت ( Jean Aitcheson :2005: 191-196).

پەیوەست بە خاڵی (ا)ەوە فۆرمدارشتنەکانی پەیوەست بە سیمانتیکی پێکهێنانەوە، کە ئاستێکی ئاسۆیی و ستوونی هەیە، ئەویش بەو پێیەی فۆرمێکی فەرهەنگیی لە ئاستی ئاسۆییدا فۆرمێکی فەرهەنگیی بۆ جیاکاریی لە نیشانە ستوونییەکانی وشەیەک بۆ دارێژرابێت بڕوانە نموونەی (1)

ئافرەت ژن کچ

**2/1) توخم و زایەند (gender and sex)**

هەر لەناو خودی یەک ژینگەشدا دەکرێت جیاوازیی توخمی ببێتە هۆی جیاوازیی زمانیی. لێرەوە نێرو مێ وەک دوو توخمی بایۆلۆژیی دەبێتە دوو جەمسەری جیاواز بۆ بەکارهێنانی زمان. بەکارهێنانی زمان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی گشتیی لە ڕێگای زایەندی جیاوازەوە جێبەجێ دەبێت.

**1_2/1 ) توخم/ جێندەر**

جێندەر بۆ بوونی پەیوەندیی لە نێوان نێرو مێدا دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت. هەروەها کاریگەریی و چالاکیی و کردەکانی ناو پەیوەندیی نێوان دوو توخم دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی بونیادی کۆمەڵاتیی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵەوە دێتە کایەوە، بۆیە بە پێی کات و ئەزموونی کۆمەڵایەتیی لە گۆڕاندایەو لە کۆمەڵێکیشەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕدرێت .

دەتوانرێت بگوترێت جێندەر بەواتای دابەشبوون و دابەشکردنی دەسەڵات دێت لە نێوان توخمی نێرومێدا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی پێگەی دەسەڵات و دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی تاک لە بەڕێکردنی کارەکانی کۆمەڵدا. لێرەوە دەبێت ئەوە دەستنیشان بکرێت، کە توخم پەیوەستە بە جۆری کۆمەڵایەتییەوە (Social Sexual) ، لە ئەنجامی ئەزموون و ئەو جیاکارییەدا دروست دەبێت، کە کۆمەڵ لە نێوان نێرو مێدا دەیکات، واتە لە زایەندەوە بۆ توخم دەست پێدەکات و لە ڕووی کۆمەڵایەوەو پەیوەست بە سستی (Passive) و چالاکیی (Active)ەوە جیادەبێتەوە، بڕوانە هاوکێشەی (1).

(١)

زایەند ←—— تۆخم ←—— چالاک/ سست

هاوکێشەکە ئەوە دەردەبڕێت، پەیوەست بە کۆمەڵەوە جیاوازییە جێندەرییەکان لە زایەندەوە دەستپێدەکەن، تا ئەو کاتەی جیاوازییە زایەندییەکان دەبنە جیاوازیی جێندەریی، کە ئەویش وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، پەیوەستە بە سستیی و چالاکیی و ئەرک و مافەکانی توخمێک تا دەگاتە دروستکردنی دنیابینیی کۆمەڵێک بۆ ئەو جیاوازییە، واتە تێڕوانینێکی جێندەرییانەی دەبێت و سەرتاپای شتومەک و بوونەوەرەکان دەگرێتەوە. ئەو کاتە هەموو شتومەکێک و بوونەوەرێک بە پێی سستیی و چالاکییەکانیان جیادەکرێنەوەو نیشانەدەکرێت. بەوهۆیەشەوە وەک پێشتر باسیلێوە کرا سستیی و چالاکیی دەبێتە زانیارییەکی واتایی توخمیی کۆمەڵایەتیی لەناو کەرەستە هەڵگیراوەکانی فەرهەنگدا، کە لە سینتاکسدا دەنوێنرێن و نیشانەیان دەخرێتە سەرو سەرەو ڕیزبوونی جیایان دەدرێتن، بڕوانە نیشانە واتاییەکان لە (1)دا.

(١)

| | | |
|---|---|---|
| پیاو | دەست | سێو |
| + مرۆڤ | + ئەندامی لەش | +خۆراک |
| +خاوەن_ژن | -/+ چالاک | + بەروبووم |
| -/+ چالاک | | -/+ چالاک |

**2_2/1) زایەند (Sex)**

پەیوەستە بە ڕێککەوتی بایۆلۆژیی بوونەوەرەکانەوە، کە بە هۆی جیاوازیی نێرو مێی بایۆلۆژییەوە دروست دەبێت . ئەگەرچیی جیاکاریی زایەندیی پەیوەستە بە گواستنەوەیەکی بایۆلۆژیی مرۆڤەکانەوە، بەڵام هەر خودیی مرۆڤەکان خۆیان کردیانە پلانێک بۆ جیاکاریی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان .

لە ڕاستیشدا هەرچەندە زایەندی بایۆلۆژیی قەدەری مرۆڤەکانە، بەڵام لە کۆمەڵدا لە ڕێگای نواندنی هەندێک بنەماوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە جیاوازیی زایەندیی بووبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی جیاوازیی زمانیی (Jean Aitchison :2005: 117-118). بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ئەوەی پەیوەستە بە نیشانەکردنی زایەندیی زمانییەوە لە پاری (1_1/1)ەوە دەخرێتەڕوو و شیدەکرێتەوە.

**1_1/1) نیشانەکردنی زایەندیی بایۆلۆژیی**

نیشانەکراویی پەیوەستە بەو زانیارییانەی لە نێوان قسەکەرو گوێگردا دەگۆڕدرێنەوە، بەجۆرێک هەموو فۆرمێکی نیشانەکراوی زمانیی زانیاریی زیاتر بە گوێگر دەدات بۆ تێگەیشتن، لە خوارەوە نیشانەکردنیی زایەندیی پەیوەست بە زانیارییەوە دەخرێنەڕوو:

**3_2/1) فەرهەنگ**

فەرهەنگ سەرباری ئەوەی لیستی وشەکانەو زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییان تێدا هەڵگیراوە، پەیوەست بە تێڕوانین و هاوکاریی کۆمەڵایەتیشەوە دابەشکردن و خستنەڕووی داتازمانییەکەشیی بۆ پەیوەندییکردن و دەستەبەریی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی دادەڕێژێت. ئەویش لە دوو ڕوانگەوە دەبێت: (ا) فەرهەنگ نواندنی ئاوەزمەندیی (Mentality) نەتەوەیەکە، کە لەڕێی زمانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوێزرێتەوە، (ب) داتاکانی ناوفەرهەنگ بۆ پەیوەندییەکی تەواوەو بۆ گواستنەوەی زانیاریی دەستنیشانکراوە، تا کۆدی نێردراو لێکبدرێتەوە، چونکە گەر وەها نەبێت، ئەوا ڕێزمان دەستنیشانکەری داتای فەرهەنگە بۆ گەیشتنی زانیارییەکان.(بڕوانە پاری (4_2/1) !).

پەیوەست بەوەوە پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگییەوە (وشەوە) بەتەنها بەبێ شکانەوەو داڕشتن، زانیاریی لەسەر زایەند دەدات، واتە خودی پۆلەڕەگەزەکە بە فۆڕمەکەی دەربڕی زایەندەو زانیاریی لەسەر ئەوە دەداتء یەکێک لە نیشانەکانی [ +/- نێر ] مارکە/نیشانە دەکاتە. بڕوانە وشەکانی: (مەڕ و بەران) و (مریشک و کەڵەشێر) و (ئەسپ و مایین) و (گەماڵ و دێڵ)، کە بۆ جیاکاریی زایەندیی داڕێژراون و زانیاریی لەو بارەیەوە دەدەن. هەروەها نموونەیەکی وەک وشەی (پوور) پەیوەست بە زایەندەوە نیشانەکراوە، بەڵام بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نیشانەنەکراوە، ئەویش بەو پێیەی دەربڕی گشتێتییەو زانیاریی تەواو بە گوێگر نادات، مەگەر لە سینتاکسدا نیشانە بکرێت: (خوشکی باوک)و (خوشکی دایک). پێشبینی دەکرێت، لە ئەنجامی جیاوازیی توخمیانە (جێندەریی)دا (پوور) پەیوەست بە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بۆ (خوشکی باوک) نیشانە بکرێت و چالاک ببێت، ئەویش پەیوەندیی بە بیرکردنەوەی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی ئێمەوە دەبێت بۆ ئەو شتانەی پەیوەوەستن بە باوک یان دایکەوە. کۆمەڵگای پیاو یان باوکسالاریی بەهانای ئەو پەیوەندییە خزمایەتیانەوە دەچن، کە بە پیاو یان باوکەوە پەیوەستن، وەک ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان (مام)و

(خاڵ)دا بەدیدەکرێن ! توێژەر تێروانیین و کاریگەریی ڕستەکانی ژمارە (2) بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت ! کە خۆی پێی وایە کەمبوونەوەی جیاوازیی جێندەریی ڕستەکانی لەیەک ئاستیی کۆمەڵایەتییدا ڕانەگرتووە، چونکە مەنسوبەت و مەحسوبیەتی کەلتووریی سەبارەت بەوەی کامیان سەر بە باوکەو کامیان سەربە دایکە، بەڵام لەڕووی زایەندەوە نیشانەکراویی فەرهەنگیین.

2) ا. نەوزاد پووری کۆچیدوایی کردووە.
ب. نەوزاد خاڵی کۆچیدوایی کردووە.
پ. نەوزاد مامی کۆچیدوایی کردووە.


**4_2/1) نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژییانە**

مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی ناو ڕێزمانە، کە جگە لە دروستکردنی فۆڕمی نوێ بۆ واتای نوێ ، لە ڕێی تەرزو یاساکانییەوە زانیارییە واتاییەکانی فۆڕمێک ورد دەکاتەوەو نیشانەی دەکات . کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی لەبەر کەمیی ژمارەیانەوە دەربڕی گشتێتیین و زیاتر وەک چەمک هەڵدەگیرێن و بەهۆی پێرەوی دوو پەلکییەوە (Binary System)و لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا واتەکەیان لێکدەدرێتەوەو دەستنیشان دەکرێن. هەرچەندە لەڕووی زایەندەوە نموونەکەی پێشووتر (پوور) نیشانەکراوە، بەڵام پەیوەست بە نزیکیی کۆمەڵایەتییەوە نیشانەیکی دیارییکراوی لەسەر نییە. ئەوە بەهۆی پێرەوە دوو پەلکییەکەوە گشتێتییەکەی یەکلایی دەکرێتەوە. بەڵام پەیوەست بە زایەندەوە ئەو کەرەستە فەرهەنگییانەی لەڕووی زایەندەوە نیشانەکراون، لە مۆرفۆلۆژییدا بۆ زایەند نیشانە ناکرێنەوە، مەگەر لە ڕووی جێندەر و چالاکیی و سستییەوە جارێکی تر جیابکرێنەوە. بڕوانە (3)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣) | پوور | مەڕ | بەران | کەو | کەر |
| | +مرۆڤ | + ئاژەڵ | + ئاژەڵ | + باڵندە | + ئاژەڵ |
| | - نێر | - نێر | + نێر | +/- نێر | +/- نێر |

پەیوەست بە زایەندەوە هەریەک لە (پوور، مەڕ) بۆ نیشانەی مێ ( بەران)یش بۆ نیشانەی نێر نیشانەکراون و فۆڕمەکەیان زانیاریی لەسەر زایەندەکەیان دەدات، واتە فۆڕمەکانیان بۆ یەکێک لە نیشانەکانی [ +/- ] دارێژراون. هەریەک لە (مەڕ و بەران) قۆناغی پێش کەتیگۆرییان (Pre Categorical) لە فەرهەنگدا نییە، بەڵام (کەر، کەو) خۆیان لەهەمانکاتدا خاوەنی نیشانە گشتییەکەی زایەندن، لێرەوە لە مۆرفۆلۆژییدا بە پێی زایەند بۆ یەکێک لە نیشانەکان فۆڕمی بۆ دارێژراوە. بڕوانە هێڵکاریی (2).

هێڵکاریی (٢)




نموونەکان ئەوە دەردەخەن، کە دارشتنەکەیان بۆ ناسینەوەو نیشانەکردنی زایەندییە، کە پێشبینیی دەکرێت، نواندنێکی توخمیی یان چالاکیی/سستیان هەبێت! بڕوانە پارەکانی دواتر.

**5_2/1) نیشانەکردنی سینتاکسیانە**

**1_5_2/1) نیشانەکردنی سینتاکسیانەی زایەند**

سینتاکس جگە لەوەی پێکهاتەیەکی ڕێزمانەو خۆی بە خستنەتەکیەک و خستنەپاڵی فرێزو گۆکردنە سینتاکسییەکانیانەوە خەریکدەکات، سینتاکس تەواوکەری فەرهەنگی گشت زمانێکیشەو نیشانکەری فۆرمە گشتییەکانی ناو فەرهەنگیشە. واتە هاوشێوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیش واتای گشتیی فۆرمێکی فەرهەنگیی نیشانە دەکات (بۆ نیشانەکردنی سینتاکسییانەی ڕەنگەوە بڕوانە بکر عومەر عەلیی و عبدولجەبار مستەفا مەعرووف :2011: 10- 15). پەیوەست بە زایەندەوە سینتاکس لە ڕێی دروستەی فرێزەوە نیشانەکانی [+/- نێر] فۆڕمێکی فەرهەنگیی یەکلایی دەکاتەوە. وەک باسی لێوەکرا نیشانە زایەندییەکان لە هەموو ئەو وشە فەرهەنگیانەدان، کە بۆ [+مرۆڤ و گیاندارو بوونەوەر] نەک شت و کەرەستەکان دارێژراون. بۆ نموونە بە پێی سیمانتیکی پێکهێنان هەر وشەیەکی فەرهەنگیی کە بۆ نیشانەی [+مرۆڤ ] دارێژرابێت، ئەوا خاوەنی نیشانەی [+/- نێر]ە. جا ئەگەری هەیە لە فۆڕمەکەیدا زانیاریی لەسەر زایەندەکە هەبێت یان تەنها نیشانەیەک بێت لە ناوەخنی وشەکەدا. بڕوانە (ژن، پیاو، کوڕ، خوشک، برا، مام، خاڵ، دش، شوبرا، خەسوو، خەزوور) لەو وشە فەرهەنگیانەن، کە فۆڕمەکەیان نیشانەکراوی زایەندەکەشیانە، کەچیی

فۆرمەکانی (برازا، خوشکەزا، ئامۆزا، خاڵۆزا، پوورزا، کچەزا، کوڕەزا) نیشانەکراوی خزمایەتیین، نەک زایەندیی. هەروەها هزری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵێک بە پێی جیاکاریی لە نێوان پیشەو کاری کەسەکاندا ، واتە پیشەکە نیشانکەری زایەندەکەیە، لێرەدا مەبەست لەو فۆرمی پیشەیەیە، کە دەتوانێ زانیاریی لەسەر نیشانەی [+نێر] بدات. بۆنموونە (ئاسنگەر ، فیتەر، کارەباچیی، نانەوا، ئاسنگەر، ناڵبەند، زەڕەنگەر، چاپچیی،....) (لە پارەکانی داهاتوودا پەیوەست بە جێندەرەوە باسی لێوە دەکرێت.)، بۆیە لە سینتاکسدا کەمبەها دەبێت، چونکە جۆری پیشەکە نیشاندەری جۆری زایەندەکەیە، بەڵام پیشەکانی (مامۆستا، بەرگدروو) لەو جۆرە پیشانەن، بۆ یەکێک لە نیشانەکانی [+/- نێر] نیشانەنەکراون، بۆیە دروستەی سینتاکسیی یەکلاکەرەوەی زایەندەکەی دەبێتء بۆ زایەند نیشانەی دەکات. بڕوانە (4). هەر پیشەیەک بۆ هیچ کام لە [+/- نێر] نیشانەنەکرابێت و بۆ هەردوو نیشانەکە ببێت و فۆرمێکی تایبەتی بۆ ئەو نیشانانە نەبێت، ئەوا فۆرمەکە نیشانەدەری زایەندەکەی دەبێت و پریدیکاتێکی نیشانەکراوە. بۆ نموونە (نانکەر و نانەوا) ، (ساڵۆن و دەلاک) لەو پریدیکاتانەن، فۆرمەکەیان زانیاریی زایەندیی لەسەر جۆری ئارگومێنتەکەی دەدەن، بڕوانە نموونەکانی (5_اب)و لەگەڵ (5_ پ ت)دا بەراوردیی بکە!

4) ا. مامۆستا/ بەرگدرووی ژن

ب. مامۆستا/بەرگدرووی پیاو


5) ا. *نەوزادی نانکەر ، * ئازادی نانکەر.

ب. * نەسرینی دەلاک ، * گوڵشەنی نانەوا


پ. نەوزادی نانەوا، ئازادی دەلاک

ت. نەسرینی نانکەر ، گوڵشەنی ساڵۆن

واباشترە هەنگاوەکانی ئەم پارە بۆ زانیاریی واتایی ناو پریدیکاتەکان تاقیبکرێنەوە، ئەویش بەو پێیەی پریدیکاتەکان، جگە لە ویستی سینتاکسیی، زانیاریی واتاییش پەیوەست بە ئارگومێنتەکانیان کۆتوبەند دەکەن. پریدیکاتەکان زانیاریی_داواکارن و کردارو ئاوەڵناوو ناوەکان دەگرنەوە . زانیارییەکان لەسەر بنەماو پێوەری کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن (Selectional Restrictions) لەلایەن پریدیکاتەکانەوە ڕێکدەخرێن و ئارگومێنتەکانیش لە دەروازەی زانیارییەکەیاندا زانیاریی لەسەر پەیوەندیی بە پریدیکاتەکەوە تۆمارکراوە Cook and Newson :1997: 163-164)). کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن لەسەر دوو بنەما کاردەکات: (ا) پریدیکاتەکە کام زانیارییە داوادەکات، (ب) ئارگومێنتەکە پەیوەست بە پریدیکاتەکەوە کام نیشانەی واتایی فەرهەنگیی هەیە . (Bas Aarts: 2001:98) هەریەک لەو ناوی پیشانەی خرانەڕوو، پریدیکاتێکن، ئارگومێنتەکانیان بە نیشانەی [+نێرە]وە وەردەگرن نەک [-نێرە]. بڕوانە نموونەی (6_اب). هەروەها ناوەکان خۆیان دەبن بە پریدیکاتۆر و لەگەڵ کردارە ناتەواوەکاندا پریدیکات دروست دەکەن، تا کردارە ناتەواوەکە بتوانێت هەڵبژاردنی سیمانتیکیی بکات (محەمەد مەحویی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسێن :2010: 81- 88). لێرەوە جیاوازیی لەنێوان پریدیکات و پریدیکاتۆر، چونکە لە دوو مەودای جیادا پێشنیازی واتایی بۆ ئارگومێنتەکان دەکەن. لێکدانەوەکە پەیوەست بە واتای زایەندەوە جێبەجێدەکرێت. لە (7_ب)دا ناوی پیشە لەگەڵ کرداری ناتەواودا پریدیکات دروست دەکات و لەو ڕێیەوە زانیاریی زایەندیی ئارگومێنتەکە نیشانەدەکرێت، بەراوردی بکە لەگەڵ (7_ا).




٧) ا. ئەو .....بوو ، ئەو ..... ە
ب. ئەو فیتەر بوو ، ئەو زەڕەنگەر ە




له (7_ا) كرداره‌كانی (بوو، ه) ناتوانن زانیاریی واتایی له‌سه‌ر ئارگومێنتی (ئه‌و) بده‌ن و كۆتوبه‌ندی بكه‌ن، به‌ڵام له (7_ب)دا به‌هۆی پریدیكاتۆره‌كانی (فیته‌ر و زه‌ڕنگه‌ر)ه‌وه بوون پریدیكات و ده‌توانن زانیاریی داوا بكه‌م. ئاوه‌ڵناوه‌كان پریدیكاتن و زانیاریی و كۆتوبه‌نده واتاییه‌كه‌یان په‌یوه‌ست به زایه‌نده‌وه ده‌ده‌نه ئارگومێنته‌كه‌یان. ئارگومێنتی ئاوه‌ڵناوه‌كان له ڕه‌گه‌زی ناون، بۆیه پێشبینی ده‌كرێت، ئاوه‌ڵناوێک هه‌بێت، ناوێک به نیشانه‌ی [+/- نێر]ه‌وه كۆتوبه‌ند بكات(بڕوانه پاری (6_2/1)). بۆ نموونه ئاوه‌ڵناوه‌كانی (دووگیان، ماڵدار، جوانكیله، ده‌مه‌وه‌ر، خانومان، عه‌یار، ته‌ته‌ر، سه‌ره‌ژن، سه‌لار، مه‌كراویی...) پریدیكاته‌كانیان په‌یوه‌ست به زایه‌نده‌وه ئارگومێنتی [– نێر] له دروسته‌ی فرێزو به‌شه‌كرداردا هه‌ڵده‌بژێرن. له دروسته فرێزدا بڕوانه (8)و بۆ به‌شه‌كرداریش بڕوانه (9).


8) ژنی دووگیان، كچی سه‌لار، كچی عه‌یار، كچی ماڵدار، كچی جوانكیله،....

9) ئه‌و دووگیانه، ئه‌و ته‌ته‌ره، ئه‌و خانومان بوو، ئه‌و ده‌مه‌وه‌ر بوو، ....

له نموونه‌كانی (8)دا ئاوه‌ڵناوه‌كه پریدیكاتێكه، كه له ڕووی واتای زایه‌نده‌وه ته‌نها ئارگومێنته [– نێر]ه‌كان هه‌ڵده‌بژێرێت، ئه‌وه‌ش واده‌كات، به بێ ئارگومێنته‌كه‌ش ده‌رببڕێن، ئه‌وه‌ش له نموونه‌كانی (9)دا زیاتر ڕوونده‌بێته‌وه، كه پریدیكاتۆرن و له‌گه‌ڵ كرداره‌ناته‌واوه‌كه‌دا زانیارییان نیشانه‌ی [– مێ]ی ئارگومێنتی (ئه‌و) هه‌یه. ئه‌وه‌ش واده‌كات بتوانرێت، به بێ كه‌مكردنی زانیاریی ئارگومێنته‌كه بكرێته (pro)، واته زانیارییه واتاییه‌كه له پریدیكاته‌كه‌وه وه‌رده‌گیرێت، بڕوانه (10). ئه‌وه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت، كه جێناوی (ئه‌و)ی سینتاكسیی له (9)دا بۆ زایه‌ند نیشانكراوه، له (11)
نیشانه‌كانی (ئه‌و)ی فه‌رهه‌نگیی و (ئه‌و)ی سینتاكسییه‌كه‌ی (9) ده‌خرێنه ڕوو.

١٠) ا. pro دووگیانە
ب. pro عەیارە
[- نێر]

(١١



ئەوە لە کاتێکدایە دەبێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە لە فۆرمێکی سینتاکسیی تردا جێناوەکە نیشانەی [+نێر ]یشی هەبێت. ئەوەش لەلایەن زانیارییە واتاییەکانی ئاوەڵناوەکەوە نیشانەو کۆتوبەند دەکرێت، بڕوانە ئاوەڵناوەکانی (سەرسەریی، شەقاوە، داوێنپیس،.... )، کە ئارگومێنتەکەیان نیشانەی [+نێر] هەڵدەبژێرێت، لە (12)دا دەخرێنە ڕوو.

12) ا.ئەو سەرسەرییە.

ب. ئەو شەقاوە بوو.

پ. pro سەرسەرییە

ت. pro شەقاوەبوو.

[+ نێر]

کردارەکانیش پریدیکاتن و جگە لە زانیاریی سینتاکسیی زانیاریی واتاییشیان تێدایەو زانیارییەکان بەشێکن لە ناوەخنی فەرهەنگییان. لێرەدا پەیوەست بە زایەندەوە ئەو واتایانە لێکدەدرێنەوە، کە لە فۆرمی کردارەکەوە واتاکەی پێ کۆتوبەند کراوە، فۆرمی بەلێکسێمبووی کردارەکە پەیوەست بە زایەندی ئارگومێنتەکەیەوە زانیاریی دەدات. بۆ نموونە کردارەکانی (مناڵبوون، شیردان، شیرپێدان، گسکدان، سکپڕبوون، بێزووکردن، ڕەدووکەوتن، حاجەتشتن، چێشتلێنان، جلشتن، شوکردن) لەو کردارانەن، کە ئارگومێنتەکانیان بە نیشانەی [– نێر]ەوە داوادەکەن. هەروەها (ژنهێنان، کاسبیکردن، قەبرهەڵکەندن، ...)ئەویش وادەکات، کە ئارگرگومێنتە جێناوییەکەی بۆ زایەند لە سینتاکسدا نیشانە بکرێت. بڕوانە نموونەکانی (13)و (14) بۆ [- نێر ]و (15)و (16) بۆ [+نێر].

13) ا. ئەو مناڵیبووە.

ب. ئەو شیردەدات.

پ. ئەو شویکرد.

[- نێر]

14) ا. pro مناڵیبووە.

ب. pro شیردەدات.

پ. pro شویکرد.

[- نێر]

15) ا. ئەو ژنیهێناوە.

ب. ئەو قەبریهەڵکەند.

پ. ئەو کاسبیدەکات.

[+ نێر]

16) ا. pro ژنیهێناوە**.**

ب. pro قەبریهەڵکەند.

پ. pro کاسبیدەکات.


[+ نێر]

هەریەکێک لەو نیشانەکردنانەی سەرەوە باسیان لێوەکرا: (ا) نیشانەکردنەکان لە خودی پریدیکات و پریدیکاتۆرەکاندا بوون، وەک ئەوەی لە فۆرمی فەرهەنگیی ناوو ئاوەڵناوو کردارەکاندا خرانەڕوو، (ب) ئارگومێنتەکانیان لە سینتاکسدا بۆ یەکێک لە نیشانەکانی [+نێر] یان [–نێر] نیشانەکرد، واتە لە گشتەوە بۆ تایبەتێتیی زایەندیی برد، وەک ئەوەی لە جێناوەکاندا جێبەجێ بوو. (پ) هەڵبژاردنی ئارگومێنتە زایەندییەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست بوو، چونکە زمانی کوردیی سەرکۆتایەو هەڵبژاردنەکانی لە چەپەوە بۆ ڕاستە. بڕوانە یاسای پریدیکات و ئارگومێنتەکەی پەیوەست بە زایەندەوە لە (17)دا.

**17) N [+/- نێر] + N / A / V**

لێرەوە دەست بەو زانیارییە زایەندیانە دەکرێت، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپن، ئەویش بەپێی دروستەی زانیارییەوە دادەڕێژرێت. ئەوەی پێشتر باسی لێوەکرا پەیوەست بوو بە پێکهاتەی واتایی و سیمانتیکی پێکهاتنەوە، کە لە خودی ناوەخنی واتایی کەرەستەی

فەرهەنگیی و داواکاریی واتایی پریدیکاتەکانەوە جێبەجێکرابوون، کە بەرجەستەکردنەکەی لە قۆناغی پێش سینتاکسیدایە، چونکە وەک لە هێڵکاریی (1)دا خرایە ڕوو هەر پێکهاتەیەکی سینتاکسیی پێشتر پێکهاتەی واتایی هەیەو کۆتوبەند کراوەو لە سینتاکسدا فۆرم و ڕیزبوونی دەرەوەی دەنوێنرێت. بەڵام ئەو واتایەی لە سینتاکس و خستنە ڕووەکاندا لێکدەدرێنەوە ئاراستەکەی لە ڕاستەوەیەو بە پێی دروستەی زانیارییە، کە قسەکەر دایدەڕێژێت و گوێگر واتاکەی لێهەڵدەهێنجێت. یان دەتوانرێت بگوترێت، لێکدانەوەی واتای ڕستەیەک بەپێی دروستەی زانیاریی لە دروستەی ڕووکەشدایە نەک لە باکگراوندە واتاییەکەی لە دروستەی قووڵدا. بڕوانە (18).




لە (18)دا هەریەک لە (نەوزاد و ئەو ) لەلای ڕاستەوە زانیاریی یەکەمن دەبێت ناسراو بن، تا زانیاریی دووەمر، کە (دایک نەخۆشبوون)و (پوورمردن)ە، بۆ گوێگر زانیاریی وهەواڵێکی بەسوود بێت.


دروستەی زانیاریی پەیوەست بە زایەندەوە، ئەو خستنە ڕوویەیە، کە دەبێت قسەکەرو گوێگریش زانیاریی دەربارەوە بزانن. جا ئەگەر بڕوانرێتە زانیاریی یەکەمر لە (18)دا، ئەوا لە (18_ا)دا ناویی تایبەتیی (نەوزاد)و لە (18_ب)شدا لە ڕووی زایەندەوە بۆ قسەکەرو گوێگر زانیارییەکە زانراون، چونکە هەردووکیان بە کۆ_نیشانەکانیانەوە دەربڕاون و ئەو فۆرمانەشیی بۆ نیشانەی [+ مرۆڤ] داڕێژراون دەبێت، خاوەنی یەکێک لە نیشانەکانی [+/- نێر] بنء لە زانیارییەکانی قسەکەر پاشان گوێگریشدا هەبن. بەوەش ڕستەکانی (18) پەیوەست بە زایەندەوە دەرهاویشتەی ڕستەکانی (19)ن، کە لە فەرهەنگەوە بە پێی فۆرمەکانیان بۆ زانیاریی لەسەر زایەندەکانیان دەدات.

19) ا. کوڕەکە دایکی نەخۆشە.

ب. کچەکە پوری کۆچیدواییکردووە.  یان کوڕەکە پوری کۆچیدواییکردووە.

لە (19_ا) جێگرەوەی (نەوزاد) (کوڕەکە)یە، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە ناوەتایبەتییەکان لە زمانی کوردییدا زانیاریی و جیاکاریی زایەندیان تێدایە. بۆیە پەیوەست بە دروستەی زانیارییەوە بەرجەستەکردنی ناوی تایبەتیی (نەوزاد) لە (18_ا) دا، جگە لە ناسینی کۆمەڵایەتیی، ناسینێکی زایەندیی تێدایە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵی کوردییدا تا ئێستاش جیاوازیی زایەندیی پاشان جێندەریی(بڕوانە پاری جێندەر) ، دەخرێتە ناوەخنیی ناوانی نێرو مێوە. وەک پێشتریش گوترا، نیشانەکردنی زایەندیی پەیوەست بە جێناوەکانی زمانی کوردییەوە لە سینتاکسدایە، ئەوەش وای کردووە، لە (19_ب) دا مەزەندەی نێر یان مێ بکرێت، چونکە وەک باسکرا زانیارییە زایەندییەکە پەیوەستە بە زانیاریی قسەکەرو گوێگرەوە. بڕوانە پرۆسەی بە ڕێزمانبوونی (Grammaticalization) ناوی گشتیی مرۆڤ لە (20)دا.

(٢٠




لە نواندنەکەی (20) دا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هاوشێوەی زانیارییە زایەندییە فەرهەنگییەکەی (کوڕ، کچ) لە بە ڕێزمانبووەکانیشیاندا، لە ناوەخنی ناوەتایبەتییء جێناوەکانیشدا پەیوەست بە دروستەی زانیاریی قسەکەرو گوێگرەوە ، نیشانەی [+ نێر] و [− نێر] جیاکراونەتەوە.(بەراوردیش بکە لەگەڵ گریمانەکەی نواندنی ژمارە (11)!) هەروەها دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت: (ا) ناوی تایبەتیی مرۆڤ لە کوردییدا لە ڕووی زایەندەوە جیاکراونەتەوەو لە ڕووی کەلتووریشەوە بنەمایەکی جێندەریی لە داڕشتنەکەیاندا هەیە (بڕوانە 21).  (ب) جێناوەسەربەخۆکان نیشانەکردنێکی مۆرفۆلۆژینەیان بۆ جیاکاریی زایەندیی نییە ، بۆیە لە سینتاکسدا نیشانەدەکرێن، سەرباریی ئەوەش لە زمانی کوردییدا ، نیشانەی واتایی کۆپیکراویان لە کردارەکاندا هەیەو ئەوەش وادەکات، نواندنی سینتاکسیی/ مۆرفۆسینتاکسیی تریان هەبێت. بڕوانە (22).

٢١) ا. ئازاد کتێبی کڕی. ← ئەو کتێبی کڕی
ب. بێستوون گەڕایەوە. ← ئەو گەڕایەوە.
[+ نێر]		[+ نێر]

٢٢) ا.[ من ] [ تۆ م بینی.]
ب.[من] [ئەو دەنێرم.]
[+ نێر] [+ نێر] / [- نێر] ← ترۆپکی دووەم
[- نێر]
ترۆپکی یەکەم

جێناوەکانی (22_اب) بەرجەستەکراوی سینتاکسیین، پەیوەست بە پریدیکاتەکانیانەوە ناتوانرێت پێشبینی زایەندەکەیان بکرێت، بۆیە لە ڕاستەوە بە پێی دروست زانیارییەکەی ترۆپکی(Topic) یەکەم و دووەم لە دەربڕینە سینتاکسییەکەیدا، وەک بەشێک لە زانیاریی نێوان قسەکەرو گوێگر لێکدەدرێنەوە (Muhammad Swaileh A. Alzaidi: 2014:8-10). ئەگەرچی ترۆپکی یەکەمء دووەم زانیاریی نوێ و هەواڵیین بۆ گوێگر دەنێردرێن، بەڵام لەلایەن قسەکەرو دواتریش لە ڕووی زایەندەوە لە سینتاکسدا نیشانەکراوو بەرنامە بۆ داڕێژراون (هەمان سەرچاوە (لا 10)، ئەگینا کۆدە بەرجەستەکراوی ڕستەکانی (22) لێکنادرێنەوە. واتە ڕاڤەکردنی فەرهەنگیانەی ڕستەکانی (22) وامان لێدەکات، کە بۆ هەریەک لە جێناوەکانی ڕستەکان هەردوو نیشانەی [+/- نێر] دابنرێت، بەڵام لەبەرئەوەی نیشانەکردنی زایەندی جێناوەکان لە سینتاکسدایە، بۆیە جێناوەکانی ڕستەکانی (22) بەپێی دروستەی زانیاریی یەکێک لە نیشانەکان وەردەگرن، نەک هەردووکی.

هەبوونی مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن لە زمانی کوردیدا وادەکات، ڕستە نواندنێکی مۆرفۆسینتاکسیانەشی هەبێت. مۆرفۆسینتاکس: (ا) پەیوەست بە پریدیکاتەوە، لەسەربنەمای مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن ڕوودەدات (ئاوات ساڵح قادر :2015: 53- 59) بڕوانە (23_ا)، (ب) بەڵام پەیوەست دروستەی زانیارییەوە لەسەر بنەمای زانیاریی پێشوتر (زانیاریی کۆن) بەرهەمدێت.

مۆرفۆسینتاکس کە نواندنی دروستەی ڕستەیەکە بە مۆرفیم، دەرنەبڕینی ئارگومێنتی بکەرو بەرکار لە ڕێگەی هاونیشانەکردن و ڕێکەوتنەوە ڕێگاپێدراوە. بەوەش مۆرفۆسینتاکس دەبێتە ئاستێکی ڕووکەشی دروستەی ڕستەیەو نواندنێکی تری پێکهاتە واتاییە، بڕوانە پرۆسەی دروستبوونی مۆرفۆسینتاکس لە (23_ب)دا.

٢٣) ا. من تۆم بینی.
[+ نێر] [- نێر]

ب. pro trace بینمیت.
i j i j
[+ نێر] [- نێر]

لە (23_ا) بە پێی دروستەی زانیارییەکە، قسەکەر زایەندی هەریەک لە (من)و (تۆ) بەیەکێک لە نیشانەکانی [+/ - نێر]بۆ گوێگر دەنێرێت ، بەوەش ڕێکەوتنەکانیش وەک بەرجەستەکراوێکی سینتاکسیی لەڕاستەوە بەپێی زایەندی جێناوەسەربەخۆکە نیشانە دەکرێن، بڕوانە (24) ، چونکە بە پێی دروستەی زانیاریی نیشانەکردنەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپن، ئەوەش پێچەوانەی هەڵبژاردنی پریدیکاتەکانە، کە لە چەپەوە بۆ ڕاستن.

٢٤) ا. من تۆ م ناردە.
[+ نێر] [+ نێر]
من تۆ م ناردە.
[- نێر] [- نێر]

**2_5_2/1) نیشانەکردنی سینتاکسیانەی دۆخ (Case)**

جگە لە لێکدانەوەی زایەندیی مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن، کە لە پێکهاتەی واتاییدا جێبەجێدەبێت، ئەو مۆرفیمانە لە پێکهاتەی سینتاکسییشدا نیشانەی دۆخی ڕێزمانیین، بە جۆرێک لە دروستە سینتاکسییەکەدا (ڕستەدا)، لەبەر ئەوەی بکەرو کردار هاوسێ

(Subjacency) نین، بۆیە مۆرفێمی ڕێکەوتنەکە دەبێتە نیشانەی دۆخ، بەڵام  بەرکارەکە هاوسێی کردارەکەیە، ئەوەش مۆرفێمی ڕێکەوتنی کەمبەها کردووە.

لەبەرئەوەی زمانی کوردیی زمانێکی سەرکۆتایە، بۆیە لەوەوە ئاراستەی پێدانی دۆخەکە لە چەپەوە بۆ ڕاست بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەو ئاراستەیە زۆربەی سەرە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیی دەگرێتەوە، لێدەرچوون لەوەش نابێتە هۆی گۆڕینی ڕێسای سەر کۆتایی. لێرەوە دەبێت دەستبکرێت بە دیاریکردنی ئەو نیشانە و مارکانەی، کە سەرێکی ڕێزمانیی بەپێی پەیوەندییە هەرەمییەکەی لە کاتی پێدانی دۆخی ڕێزمانیی بە تەواوکەرەکەی چ نیشانەیەکی لە سەر جێدەهێڵێت.


نیشانەی دۆخی ڕێزمانیی پەیوەست بە زمانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە لە هەندێک زماندا مۆرفۆلۆژیانەیە، واتە مۆرفێمی دۆخ بوونی هەیەو فۆرمەکەی بۆ جۆری دۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نمونە لە زمانی عەرەبییدا نیشانەکانی (کسرە و ضمە و فتحە) نیشانەی دۆخە جیاوازەکانی (مەرفوع ،مەنێوب،مەجرور)ن، وەک (ذهبَ الولدُ) فرێزی (الولدُ) دۆخی مەرفوعی هەیەو بۆ ئەو دۆخە نیشانەکراوە.

لە هەندێک زمانی دیکەدا فۆرمی دۆخ بە پێی شکانەوەی ئەو فرێزە تەواوکەرە دەبێت، کە دۆخەکەی پێدەدرێت، فرە فۆرمی جێناوی کەسی یەکەم لە زمانی ئنگلیزییدا بۆ نیشانە(marker)ی دۆخی ڕێزمانیی جیاواز دەگەڕێتەوە( I، me،my ) .(me:بۆ دۆخی نۆمینەتیڤی، my:بۆ خستنەپاڵ ، me:بۆ دۆخی ئەکۆزەتیڤیی و داتیڤیی  11 :ANDREW CARNIE :2011) ( (بۆ کرمانجی ژوورووش بڕوانە پارەکانی دواتر).

لە زمانی کوردیی_ شێوەزاری سلێمانییدا دابەشبوونی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بۆ دەستەی (م-مان) و (م-ین) بۆ بوونی دۆخی جیاوازی ڕێزمانیی دەگەڕێنەوە. ئەوانە فۆرمی شکاوەی یەکترن و دروستەی مۆرفۆسینتاکسیش بەپێی تیۆری بەستنەوە، ئەوە زیاتر دەچەسپێنێت،  ئەویش بەو پێیەی بۆ بکەرو بەرکار دوو مۆرفێمی ڕێککەوتنی جیا لە هەمان دروستەدا بەکاردەهێنرێت. بڕوانە(25_اب)ی سنتاکسیی و دەرکردە مۆرفۆسینتاکسییەکەیان. لە ڕاستیدا مۆرفێمەکانی ڕێکەوتن، کە نیشانەی دۆخی ڕێزمانیین، لە پێکهاتەی ڕستەدا دوای گواستنەوەی ئارگومێنتی بکەر لای چەپەوە بۆلای ڕاست بە یاسای کۆپییکردن لە جێی ئارگومێنتە گوازراوەکە دروست دەبێت، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت: (ا) مۆرفۆیمی ڕێککەوتنەکە کۆپیکراویی واتایی/زایەندیی و ڕێزمانییشە (دۆخیشە)، (ب) نیشانەکردنەکە لە دروستەی ڕووکەشدا دروست دەبێت (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف :2016: 13)، بڕوانە هێڵکاریی (3).

٢٥) ا. من سێوەکانـم خوارد.  j  i        خواردمـن  j i

هێڵکاریی (٣)




**6_2/1) نیشانەکردنی توخمیانە (جێندەریانە)**

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا توخم سروشت و لۆژیکی ژیان و بوون ، بوونەوەرانی بەسەر دوو ڕەگەزی نێرو مێدا دابەش کردووە . ( ئەنتۆنی گیدنز ) دەڵێت :  سێکس بریتییە لە جیاوازیی بایۆلۆژیی یان ئەندامیی نێوان ژن وپیاو ، بەڵام جێندەر بریتییە لە جیاوازیی کلتوریی و دەروونیی نێوان نێرو مێ   . هەروەها (فلۆریان کوڵماس ) دەڵێت: جێندەر پۆلێنێکی کۆمەڵایەتییە، بە ڕەفتارە دیاریکراوەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە (https://en.wikipedia.org/wiki/Sex_and_gender_distinction).

 یەکێک لەوانەی گومانی لە بوونی ناکرێت، هەبوونی زمانی پیاوان و زمانی ژنانە، ڕوونە کە ئافرەتان بەیەکدەگەن، بەزمانێک دەدوێن جیاواز لە زمانی نێوان پیاوان ، کە پیاوان و ئافرەتانیش کۆدەبنەوە و تێکەڵ دەبن بە زمانی سێیەم دەدوێن ، ئەگەر هەمەجۆری زمان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئەوەندە ڕوونی هەبێت ، ئەوە لەو کۆمەڵگایانەدا زۆرترو ڕوونترە، کە ڕۆڵ ء کاری ژنان و پیاوان لەیەک جیاوازترن ، چونکە لەم کاتەدا زیاتر گرنگتر دەبێ لە تێگەیشتنی بونیاتی کۆمەڵایەتیدا (عبدە ئەلراجحی ، و: عەبدوڵڵا گەرمیانی : 2013: 81).

توخم و جیاکاریی توخمیی لە زایەندەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ئەگەرچیی جێندەر  بناغەیەکی زایەندیی هەیەو لە نێوانی نێرو مێ دایە، بەڵام پەیوەست بە ئەرکـ مافـ جیاوازیی کۆمەڵایەتیی گۆڕانی بەسەردا دێت . هەریەک لەو هەنگاوانەی لە پاری پێشوودا پەیوەست بە زانیەندەوە نران، پێشبینی دەکرێت، بەپێی پێگەی نێرو مێ لە کۆمەڵگادا بگۆڕێن و بە هۆیەوە جیاوازیی زایەندیی نەبێتە ڕێگری جێندەریی. ئەوە ڕەنگە ئەو خولقاندنە بایۆلۆژییە نەگرێتەوە، کە لە سروشتەوە بە نێر یان مێ بەخشراوە. بۆ نموونە پریدیکاتی (مناڵبوون، دووگیانبوون، شووکردن) ئەو کردارانەن کە بارگەی زایەندییان بۆ [+/- نێر] ناگوێزنەوە ، بەڵکو تەنها ئارگومێنتی [– نێر] هەڵدەبژێرن، پردیکاتە کرداریی و ناویی و ئاوەڵناوییەکانی تر پێشبینی گۆڕان لە ئارگومێنتەکەیاندا دەکرێت. لە ڕاستییدا لەبەرئەوەی جێندەر بە جۆری کۆمەڵایەتییەوە بەسترابەوە، دەبێت جارێکی تر لە ڕووی جۆری کۆمەڵایەتییەوە لە دروستەی زانیاریی و پریدیکانەکان  و مەراسیمە کۆمەڵایەتییەکان بدوێن.

پریدیکاتەکان دروستکەری پێکهاتەی واتایی دروستەیەکن و لە فەرهەنگەوە کۆتوبەند کراون، کۆتوبەندکردن تایبەتمەندییەکی واتایی فەرهەنگییەو پەیوەستە بە زانیاریی واتاییەوەو لە پێکهاتەی واتاییدا (Semantic Component) یەکلادەکرێتەوە. واتە پریدیکاتێک ئارگومێنتەکەی بە نیشانەی [+/ - ]ەوە هەڵدەبژێرێت. لە ڕاستیدا ئەوە ئەو زانیارییە واتاییانەیە، کە لای گشت ئاخێوەرێکی زمان هەیەو بەهۆیەوە فرێزو ڕستەی ناڕاست دەناسێتەوە. لە (26_ اب)دا پرۆسەکە لەسەر هەردوو کرداری (خواردن و مردن) جێبەجێدەکرێن.

26) ا. خواردن : لە پێکهاتە واتاییەکەیدا ئارگومێنتێکی ناوەکیی بە نیشانەی  [+ خۆراک]ەوە دەوێت، ئەوە ئەو زانیارییە واتاییە فەرهەنگییەیە کە تێیدا هەڵگیراوە.

ب. مردن : لە پێکهاتە واتاییەکەیدا ئارگومێنتێکی دەرەکیی بە نیشانەی [+ مرۆڤ] ەوە دەوێت، ئەوە ئەو زانیارییە واتاییە فەرهەنگییەیە کە تێیدا هەڵگیراوە.

بەڵام هەندێک داتا ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە پریدیکاتەکانی زمانی کوردیی دەبنە زانیاریی داوەکەرێکی فراوانتر، واتە لەبری داڕشتنی فۆرمێکی نوێ، زانیاریی و ناوەخنی واتایی پریدیکاتەکان فراوان دەبن، بەوەش پریدیکاتەکان داواکردنی ئارگومێنتەکانی ئازادانە دەبێت و نیشانەکانی بە [+/- ]ەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەوەش لادانە لە کۆتوبەندی واتایی (Semantic Restriction)، کە لە پێش بونیادی دروستە سینتاکسییەکاندا لە دروستەی قووڵدا یەکلادەکرێتەوە (بڕوانە بژوێن یەحیا محەمەد :2016: 94-100)و ئەو سەرچاوانەی لەو ڕووەوە لەوێدا هاتوون). بڕوانە (27) و (28).

27) ا. ئەو خەمی خوارد.

ب. نەوزاد سوێندی خوارد.

پ. ئازاد شکستی خوارد.

28) ا. پاتریەکە مردووە.

ب. بازاڕ مردووە.

پ. گەچەکە مردووە.


نموونەکانی (27، 28) پریدیکاتەکانی (خواردن و مردن)، خستنەڕوویەکی واتایی تریان پێدراوە، کە بۆ (خواردن)[– خۆراک] و(مردن)یش [ - مرۆڤ]ە، بەوەش یاسای پریدیکاتەکانی زمانی کوردی مەیلی یاسایەکی لە جۆری (29)یان هەیە.

**29 ) ئارگومێنت [+/- ] + پریدیکات**

شیکردنەوەکەی سەرەوە دەربارەی شکاندنی کۆتوبەندی واتایی لەلایەن پریدیکاتەکانەوە، لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە فراوانبوونی واتای پریدیکاتەکان جێگرەوەیەکی مۆرفۆلۆژیانەیە (Morphological Alternative )، چونکە لەبری داڕشتنی نوێ هەمان فۆرمی پریدیکاتەکە بەکاردەهێنرێتەوە، بۆ نموونە لە (28_اب پ)دا لە بری داڕشتنی فۆرمێکی نوێ بۆ مردنی هەریەک لە (پاتریی، بازاڕ، گەچ) دابڕێژرێت، پریدیکاتەکە زانیاریی تری خراوەتە ئەستۆ.

جێندەر وەک نیشانەکراوی جۆری کۆمەڵایەتیی ، لە گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵ بەرامبەر بە زایەندەوە دروستدەبێت. ئاستی پێدانی ئەرک و ماف بە بێ ڕەچاوکردنی جیاوازیی زایەندیی دەبێتە سەرەتایەک بۆ کاڵبوونەوەی جیاوازیی جێندەریی لە کۆمەڵدا. گەر جارێکی تر لە پریدیکاتەکانەوە دەستپێبکرێنەوە، ئەوە دەگەینە ئەوەی کە پریدیکاتەکان پەیوەست بە زایەندەوە جیاکاریی هەڵبژاردن کەمدەکەنەوەو هەریەک لە نیشانەکانی [+/- نێر] هەڵدەبژێرن. واتە پێوەری جێندەریی پێوەرێکی جێگری کۆمەڵ نییەو پێشبینی

گۆڕانی دەکرێت. دەبێت ئەوە بگوترێت، کە ئەو ناوە پیشانەی لە سەرەوە بوونە پریدیکاتۆرو ئارگومێنتیان بە نیشانەی [+ نێر] یان [– نێر] داواکرد، لە کاتی نەمانی جیاوازی جێندەریدا، ئارگومێنتەکانیان بە نیشانەی [+/ - نێر]ەوە هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە هەریەک لە پیشەکانی (مامۆستا ، ئاسنگەر ، بەرگدروو، فیتەر، کارەباچیی، نانەوا، ئاسنگەر، ناڵبەند، زەڕەنگەر، چاپچیی،....) ئەرکێکی کۆمەڵایەتیین، کە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، بە [+/ - نێر]ش بدرێن. لە ئاستی ئێستای بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردییدا، پیشەکانی (مامۆستا، بەرگدروو) جیاوازیی جێندەرییان تێدا ڕەچاوناکرێت و نیشانەنەکراون، ئەوەش پێشبینییەکە بۆ هەنگاونان لە نەمانی جیاوازیی جێندەریی. بە پێی پێشکەوتن و گۆڕانی دنیابینی وادەکات، پریدیکاتەکان ئارگومێنتەکانیان بە [+/ - نێر] هەڵدەبژێرن، بڕوانە نموونەی پێشبینییکراو لە (30)داو لەگەڵ (6_ب)بەراوردی بکە. هەموو نموونەکانی پەیوەست بە پیشە پەیوەستن بە ڕێژەی بەشدارییکردنی ئابووریانەی مێیە لە کۆمەڵدا، کە دەکرێت بکرێتە سەرەتای پتەوبوونی پێگەی مێینە لە ناو کۆمەڵ و کایەکانی تری کۆمەڵدا. بۆ نموونە پێشکەوتنی مێینە لە پێگە سیاسیی و کارگێڕیەکاندا وادەکات پێشبینی ئەوە بکرێت، پریدیکاتەکانی (وەزیر، پەرلەمانتار، سەرۆک کۆمار، میر، بەڕێوەر، ئاغا، بەگ ...) بنە فۆرمێکی نیشانە نەکراو، ئەویش بەوپێیەی ئارگومێنتەکانی نیشانەکانی [+/- نێر] هەڵبژێرن .




هەروەها پیوەست بە ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە پریدیکاتەکان جیاوازیی لە جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا کەمدەکەنەوە، کردارەکانی (چێشتلێنان، گسکدان، ماڵپاکردنەوە، جلشتن، قاپشتن، حەوشەشتن، ....) پەیوەست بە زایەندەوە کۆمەڵ بۆ [– نێر ] بڕیاری لێدا بوون، بەڵام لە ئێستادا لەلایەکەوە بەهۆی تەکنەلۆژیاو هەروەها لەلایەکی ترەوە بەهۆی گۆڕانی جۆری کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵەکە پێشبینی هەڵبژاردنی ئارگومێنتی [+/ - نێر] یان لێدەکرێت. تەکنەلۆژیا پەیوەست بە (جلشتن و قاپشتن و گسکدان)ەوە ئامێرێکی خستۆتە بەردەست بەکاربەرێک، کە بە نێرو مێ جێبەجێدەکرێت، ئەوەش هۆکاری کەمکردنەوەی جێندەریی دەبێت. لە ڕووی جۆری کۆمەڵایەتیشەوە پەیوەستە بە بونیادی کۆمەڵەوە، کە ئەرکی بەڕێکردنی ژیانی داوە بە مرۆڤ نەک نێرو مێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی مێش ئەرکیی دارایی ماڵی کەوتووەتە دەست و لەوەدا لەگەڵ نێردا ئەرکەکان جێبەجێدەکات، بۆیە لە مافدا لە پیاوان نزیک بووەتەوە . واتە گەشەی کۆمەڵایەتی نیشانەکانی جێندەر کەمدەکاتەوەو لەسەر بنەمای ئەرکێ ماف پریدیکاتەکان واتاکانیان بە ئارگومێنتەکان دەدەن، بەوەش هەر کۆمەڵگایەک پریدیکاتەکانی ئازادانە بە نیشانەی [+/ - نێر]ەوە ئارگومێنت هەڵبژێرێت، ئەوا جیاوازیە جێندەرییەکانی کەمدەبێتەوە.

لە ڕاستیدا زمانی کوردیی پەیوەست بە پریدیکاتێ فۆرمەفەرهەنگیەکانیەوە، لەبەر ئەوەی بە نیشانەکانی [+/- ] زانیاریی خەزندەکات، بۆیە فۆرمەکانی بەرەو دەربڕی گشتێتیی دەڕۆن. ئەوەش پەیوەست بە جێندەرەوە، وادەکات کەمترین جیاکاریی جێندەریی بکرێت یان هەر بەرەو نەمان بچێت، بۆ نموونە واتای کەرەستەیەکی (element) وەک <پیاو> بە نیشانە بنەڕەتییەکانی لە جۆری [+مرۆڤ، +نێر، +هەراش]ەوە بناسێتەوە، بەڵام نیشانە لاوەکییەکانی هەمان کەرەسە، کە لە پلەی دووەمی نیشانەکانی کەرەستەکەدا خەزنکراون و بوونەتە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو کەرەستەیە، لای ئاخێوەری زمانەکە، پەیوەست بە دەوروبەری بەکارهێنانییەوەو دەستی پێدادەگات، نیشانەکانی [+جوامێریی، +بەهێزیی، +چاکیی، ....]. دەشتوانرێت بگوترێت، هەر بەهۆی ئەوە نیشانە لاوەکییانەوە، ئەو فۆرمە لە بەکارهێناندا، پەیوەست بە گەشەی مرۆیی کوردەوە، جیاوازیی جێندەریی ناهێڵێت، بڕوانە: (ئەو پیاو بوو لەگەڵم.). لەو ڕستەیەدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) خاوەنی نیشانەی [+نێر و –نێر] یشە، بەو پێیەی، کە دەکرێت، جێناوی (ئەو) لە هەمانکاتدا بگوترێت: (نەسرین پیاو بوو لەگەڵم)یان بگوترێت: (شاخەوان پیاو بوو لەگەڵم) (عبدولجەبار مستەفا مەعرووف :2013: 5). واتە فۆرمی پیاو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوەو پەیوەست بە جێندەرەوە بەرەو گشتێتیی ڕۆشتووە، پێگە کۆمەڵایەتییەکە بۆ نێرو مێشە .

ناوی تایبەتیی باکگراوندێکی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی هەیە، ئەویش بەو پێیەی پەیوەست بە زایەندەوە کۆمەڵ لەسەر جیاکارییەکەی ڕێکەوتنی هەیەو لەسەر ئەوە ئەوە ڕاهاتوون، کە نەریتیی ناونان بەپێی ڕێڕەوی پێشووتر دووبارە بکەنەوە. بەو

شێوەیەی لە پاری زایەندا ئاماژەی بۆکرا، ناوەتایبەتییەکان ئارگومێنتێکن، بەیەکێک لە نیشانەکانی [+نێر] یان [– نێر]ەوە لەلایەن پریدیکاتەکانەوە. واتە هاوشێوەی ئارگومێنتەکانی تر فۆرمەکەی پەیوەست بە دروستەی زانیارییەوە، زانیاریی لەسەر زایەندەکەی دەدات، چونکە ناوی نێرو مێ بە پێی باکگراوندە کەلتووریی و کۆمەڵایەتیەکە جیاکراوەتەوە، کە تێیدا جیاوازیی جێندەریی خەزنکراوەو پەیوەست بە دەسەڵات و چالاکییەوە نێرسالارییانە داڕێژراوە، ئەویش بەوپێیەی ئەو دیاردەو بەرزایی و پۆستانەی گرنگ و چالاک و دەستڕۆشتوون بۆ ناوانیی نێرن، بەڵام نزمایی و دەشتودەرو ناچالاکەکان بۆ ناویی تایبەتیی مێ دانراون. لە ڕاستییدا پرۆسەکە لە جێندەرەو چالاک و ناچالاکەوە بۆ جیاوازیی زایەندیی ڕۆشتووە، چونکە لە خودی هەڵبژاردنە هەنکووکەییکەیەوە (Synchronic) پەیوەست بە زایەندەوە، واتە تێڕوانینێکی جێندەریی_ زایەندییان هەیە، بە جۆرێک جێندەریکە نەریتیی و مێژوویە (diachronic)و زایەندەکەش هەنووکەییە بڕوانە خشتەی ژمارە (1)، کە بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی و نەریتی ناونان بۆ نێرو مێ جیاکراونەتەوە، بەڵام لە ناوەرۆکەکەیاندا جیاوازیی جێندەرییان هەڵگیراوە .

خشتەی (1)

| ناوی زایەندیی نێر | ناوی زایەندیی مێ |
|---|---|
| ئەزمەڕ | شلێر |
| میر | نەسرین |
| پاشا | چنوور |
| ئاراس | گزیزە |
| بەختیار | کەژاڵ |
| ئاغ | خانم |
| شازاد | گوڵشەن |
| شیروان | گوڵزار |
| نەوزاد | هیران |
| شێرزاد | نازەنیین |

نموونەکانی خشتەی ژمارە (1) ئەوە دەخەنە ڕوو، کە لە ناونانی تایبەتییدا تێڕوانینی جێندەریی بووەتە هۆی جیاکاریی لە ناونانەکاندا، بۆنموونە دەسەڵاتدارەکان وەک: (میر، پاشا، ئاغا) ، هەروەها نەوەی نوێ و ئازاو بەجەرگ، بەرزایی وەک: شێرزاد، نەوزاد، شیروان، ئەزمەڕ... بۆ ناوی دانراون. هەروەها ناوی دەشتایی و گوڵ و ناسکیی و ماڵدارو ..... ناوی مێیان پێنراوە. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ناونانی تایبەتیی لە ئێستای زمانی کوردییدا پێڕەوی ئەو نەریتە دەکات، کە پێشتر لەسەر بنەمای جیاوازیی جێندەریی داڕێژراون و بەوەش واتای کەلتووریی و کۆمەلایەتیی هەیە نەک بنەمایەکی مۆرفۆلۆژیانە . تێکشکانی نەریتی ناونان بەپێی کەلتورەکەی ، تێڕوانێنێکی جێندەریەکە پەیوەست بە ئارگومێنتی ناوی تایبەتییەوە کەمدەکاتەوە . ئەوەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی بە سینکرۆنی تێڕوانینی جێندەریی لە ناونانی تایبەتییدا کاڵدەبێتەوە. بۆ نموونەکانی ناوەکانی: (ڕزگار، ئاراس، ئاشتیی، ئاوات، چیا، ئاشنا، بەڕێز، لانۆ، ئارۆ، ژینۆ، دیار، دیاریی، نەورۆز، ژیا، ...) ئارگومێنتێکن، بە نیشانەکانی[+/ -نێر]ەوە تۆمارکراون. بەڵگەکانی کاڵبوونەوەی جێندەریی و کەمبوونەوەی جیاکاریی زایەندیی لە زمانی کوردییدا، ئەو تێڕوانیانەی بەرجەستە دەکات، کە زمانی کوردیی پەیوەست بە گەشەی کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەوە بەرەو جێندەر/زایەندی سێیەم چوویێت، چونکە مرۆڤ و مرۆڤبوون دەکاتە سەنگی محەکی پێگەو بیرکردنەکانی .

پاش سەرنجدان لە هەنگاوەکان جێبەجێکردنی جێندەریی لە گەیاندنی واتای کەلتووریی و کۆمەڵایەتییدا، دەتوانرێت ئەوە دەستەبەر بکرێت، کە چالاکیی/ ئەکتیڤیی و ناچالاکیی/پاسیڤیی لە فەرهەنگی زماندا لە دوو ڕوانگەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت: (ا) ڕێژەی بەکارهێنانی کەرەستەیەکی زمان پەیوەست بە کاتەوە. وشەکانی پارشێو، بەربانگ، ڕۆژوو، .. لە مانگی ڕەمەزاندا چالاکن، بە پێچەوانەشەوە لە مانگەکانی تردا. کەچیی وشەیەکی وەک (نان) چالاکییەکی هەمیشەیی هەیە، (ب) نواندنی ئاوەزیی و سایکۆلۆژیی(پەیوەست بە پرۆسە سایکۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە بڕوانە ئاڤێستا کەماڵ مەحموود :2012: 157- 187) نەتەوەیەک کاریگەرییان لەسەر چالاکیی کەرەستەیەکی زمان و بەرجەستەکردن و ڕیزبەندیان دەبێت. داتاکانی کرمانجیی ناوەڕاست ئەوە

بەدەستەوە دەدەن، کە لە نواندنە سنتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی و ئیدیۆمەکاندا، ئەو کەرەستانە چالاکترن و دەبنە ترۆپک (Topic)، کە پەیوەستن بە سایکۆلۆژیی گشتیی کوردییەو لە ئاوەزدا گرنگترن، نەک جیاکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژییانە نیشانەیان بکات. واتە نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژیانە نەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ ناسینەوەی ئەو کەرەستە چالاکانەی لە لای کورد گرنگن.

ئەگەرچیی لە دیالێکت و شێوەدیالێکتەکانی زمانیی کوردییدا نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیانە بۆ دەستنیشانکردنی جێندەریی/ چالاک و ناچالاک بەشێکە لە سیستەمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکەی. بۆ ئەوەش بەڵگەکان لە کرمانجیی ژووروودا دەهێنرێنەوە. وەک لە پێکهاتەی واتاییدا لە پاری یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، جێندەرو جیاوازیی زایەندیی سەر بەواتان و لە پێکهاتەی واتاییدا بەشێکن لە هەڵاوێرکردنی واتایی (Semantic Selection)، بۆیە لە هەر زمانێکدا ئەو جۆرەواتایانە پەیوەست بە هەڵاوێرکردنەوە (Selection) لە پێکهاتە واتاییەکەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام هەندێک زمان نیشانەکردنەکەی بە مۆرفیم/ مۆرفۆلۆژیانە لە نواندن یان پێکهاتە سینتاکسییەکەیدا دەردەکەوێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، مۆرفیمەکانی نواندنی زایەندو جێندەر مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیین. بڕوانە نموونەی (31)و (32).

31) ا. ئازادی نان خوار.

ب. نەسرینێ نامە نار.

پ. ئەز نانی دخوم.

ت. ئەو نەسرینێ دبینیت.

32) کچـا تە، کوڕێ نەوزادێ، سەرۆکێ عێراقـێ ، میرێ بۆتانێ

نموونەکانی (31)و (32) ئەوە دەردەبڕن، کە: (ا) نیشانەکردنی زایەندیی/ جێندەریی مۆرفۆلۆژیانە لە پێکهاتەی فرێزو ڕستەدا پێڕوێکی پچڕاوی(Split system) نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە، ئەویش بەو پێیەی لە نموونەکاندا مۆرفێمە هێڵبەژێردا هاتووەکان دەربڕی زایەند/جێندەرن، کەچیی لە جێکەوتە سینتاکسییەکانی بکەر/ بەرکار ئارگومێنتەکان نیشانەکردنەکەیان سینتاکسیین (پەیوەست بە دۆخیش و جێندەریش)، بەوەش نیشانەکردن بۆ دۆخ و بۆ جێندەر لە دابەشکردنی تەواوکەرانەدا (Complementary distribution ) دەبن، واتە لەو جێکەوتەیەی (position) نیشانە یان شکانەوە بۆ دۆخی ڕێزمانیی هەیە، نیشانەی جێندەریی مۆرفۆلۆژیانە نییە. بۆ نموونە شکانەوەی جێناوە سەربەخۆکانیان لەڕووی فۆرمەوە بۆ دۆخی جیاوازە، پەیوەست بە دروستەی زانیارییشەوە ناوەرۆک و جیاکردنەوەیەکی جێندەرییان هەیە، بڕوانە شیکردنەوەی نموونەکان لە (33)و هێڵکاریی (4)دا. (ب) هێڵبەژێردا هاتووەکانی نموونەی (31 و 32) لە زایەندەوە بۆ جێندەر چوون پاشانیش بە پێی ئەکتیڤیی و پاسیڤیی، چونکە نیشانەکردنەکان واتایەکی زایەندییان تێدا نەماوە، بەڵکو بەپێی ئاوەزداریی و نواندنی سایکۆلۆژیی و بیرکردنەوەی ئاخێوەری دیالێکتەکە پێگەی کۆمەڵایەتیی و جۆری کۆمەڵایەتیی (Social type) فرێزە نوێنراوەکان لە سینتاکسدا نیشانە دەکرێن. بۆ نموونە لە (31 و 32)دا ئەگەرچیی (ئازاد و نەسرین) لە فۆرمەکەیاندا بۆ زایەند جیکراونەتەوەو بە مۆرفێم جیاکراونەتەوە، بەڵام (نان) هاوشێوەی ئەوان بە مۆرفێمی نێر نیشانەکراوە، بەوەش نرخی جێندەریی نێری وەرگرتووە. واتە زایەند سەرچاوەی جێندەرو پاشان بۆ ئەکتیڤیی و پاسیڤیی هەنگاوی ناوە. تەنانەت لە نموونەکانی (32)دا (سەرۆک و میر)، کە خاوەنی دەسەڵاتن و پەیوەستن بە پێگەو جۆری کۆمەڵایەتییەوە بۆ جێندەرو ئاستی نێرینە جیاکراونەتەوە، (وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، ئەو وشانە دەبنە ناوی تایبەتیی نێر نەک مێ، بڕوانە خشتەی ژمارە (1) ).

**٣٣) ا. ئازاد ی نان خوار.**

مۆرفیمی جیکاریی جێندەریی

دوخدارەو جیکاریی جێندەریی نییە، زانیارییەکە لە ناوەتاییەتییەکەدایە

دوخدار / مۆرفیمی جیاکاریی جێندەریی نییە، بەپێی سیستەمەکەیان جێندەریی نێر/ ئەکتیڤی هەیە، بڕوانە نموونەی (٣٣_ب) کە نیشانەی نێرینەی وەرگرتووە.

ب. ئەز نانــی دخوم.

جێناوەکە بۆ دوخ شکاوەتەوە، نیشانەی جیاکەرەوەی جێندەریی نییە، بە پێی دروستەی زانیاریی ئاخێوەر جێناوەکە بە یەکێک لە نیشانەکانی [+/ - نێر]ەوە دەنێرێت، لەلای قسەکەریش بەیەکێک لەو نیشانانەوە لێکدەدرێتەوە.

دوخدارە


پ) من تە نار

جێناوەکە بۆ دوخ شکاوەتەوە، نیشانەی جیاکەرەوەی جێندەریی نییە، بە پێی دروستەی زانیاریی ئاخێوەر جێناوەکە بە یەکێک لە نیشانەکانی[+/ - نێر]ەوە دەنێرێت، لەلای قسەکەریش بەیەکێک لەو نیشانانەوە لێکدەدرێتەوە.

دوخدارە

هێڵکاریی (٤)

جێناوی فەرهەنگیی




ئەکتیڤی و پاسیڤی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا نیشانەکردنێکی مۆرفۆلۆژیانەی نییە، بەڵکو وەک باسکرا داڕشتەیەکی ئاوەزیی و سایکۆلۆژیەنەی هەیە، واتە لەفەرهەنگیی ئاوەزیی کورددا (X) چالاکەکان پێشتر لە فەرهەنگەکە دێنەدەرەوەو لە فۆرمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و چەسپاوەکان (ئیدیۆمەکان) بەرجەستە دەبن. فەرهەنگیی ئاوەزیی (Mental Lexicon) زانیارییە هاوبەشەکانی وەک: فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی لە ئاوەزیی ئاخێوەرەکانی زمانێکدا تێدا هەڵگیراوە، سەرباری ئەوانەش فەرهەنگە ئاوەزییەکە داڕشتەی سایکۆلۆژیی تاک و کۆمەڵیشە . تاک لە زانیارییە گشتییەکانی فەرهەنگیی ئاوەزییدا پەیکاڵی کۆمەڵ و نەتەوەکەیەتیی. ڕستەکانی (34) ئەوە دەردەخەن، کە سەرباری زانیارییە گشتییەکەی زمان ، ئاخێوەری زمانەکە داڕشتەی سایکۆلۆژیی خۆی لە پێکهاتەی سینتکسییدا بەرجەستە دەکات.

34) ا. نەوزاد لەبازاڕ نانی خوارد.  پێکهاتەی سینتاکسیی گشتیی

ب. لە بازاڕ  نەوزاد نانی خوارد. پێکهاتەی سینتاکسیی تایبەتیی (شوێنی لەلا گرنگە بۆیە هێناویەتە پێشەوە)

پ. نانی  لە بازاڕ  خوارد نەوزاد. پێکهاتەی سینتاکسیی تایبەتیی (بابەتی خوراوی لەلا گرنگە.)

لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا ئاخێوەری زمانەکە ئازادانە تر لە ڕێی پێکهاتەی سینتاکسیی تایبەتییەوە بەپێی سایکۆلۆژیی خۆی بەدەر لە ڕیزبوونە گشتییەکە کەرەستەکان ڕیزو ئەکتیڤ دەکات، بڕوانە (35_اب).

35) ا. خوشک و برا ، دایک و باوک ، کچ و کوڕ، ژن و پیاو، ژن و مێرد ، بووک و زاوا... (نواندنی سینتاکسیی گشتیی/ سایکۆلۆژیی گشتیی)

ب. براو خوشک، باوک و دایک، کوڕو کچ، پیاوو ژن،... (نواندنی سینتاکسیی گشتیی/ سایکۆلۆژیی تایبەتیی)

(35_ ا) کە لە ڕووی سینتاکسەوە فرێزی تەکخراون (Coordinate Phrase)، نواندنێکی باووڕۆشتووەو بەپێی سایکۆلۆژیی گشتیی داڕێژراوە ، کە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە لەو جۆرە دروستانەدا، لە ڕووی زایەندەوە، کەتیگۆرییە مێیەکە لە پێشەوە هاتووە، ئینجا نێرەکە، ئەوەش دەروازە بۆ ڕیزبوونی جێندەریی پاشان ئەکتیڤیی بڕوانە (36)، کە تێیدا بەپێی ڕیزبوونی ناو فرێزە

تەکخراوەکان، پەی بە کەتیگۆرییە گرنگ و چالاکەکە دەبرێت. (35_ب)یش نوندنەکەی بە پێی سایکۆلۆژیی ئاخێوەرەکەیە، چونکە دەربڕی بیروڕایەکی تاکە بەرامبەر زایەندو جێندەر، هەروەها دەرخەری چالاکیی کەتیگۆرییەکەی یەکەمە.

36) (پارتیی و یەکێتیی / یەکێتیی و پارتیی)، (مامجەلال و کاک مەسعود/ کاک مەسعودو مامجەلال)، (من و تۆ/ تۆو من)، (سلێمانیی و هەولێر/ هەولێرو سلێمانیی،....

بەپێی نموونەکانی (36) ئاخێوەری زمانەکە لە دەرەوەی بازنە گشتیی ئەو کەتیگۆریانە دەهێنێتە پێشەوە، کە بۆ ئەو گرنگ و چالاکن، چونکە لە تەکخراوەکانی لە جۆری (36)دا ڕیزبووەکان باوڕۆشتوو نیین، بەڵکو ئاخێوەر بڕیار لەسەر ڕیزبوونەکانی دەدات، بەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە تێڕوانینیی زایەندیی و جێندەریی و کەتیگۆریی ئەکتیڤ لە زمانی کوردییدا لە سینتاکسدایەو پەیوەستە بە جێکەوتەی سینتاکسییەوەو لە فرێزە تەکخراوەکاندا بەرجەستە دەکرێن .

وەک ئاماژەی بۆ کرا، فەرهەنگی ئاوەزیی زانیاریی دەربارەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکس و واتا تێدایە. داڕشتەی سایکۆلۆژیی ئاخێوەری کوردیشی تێدا تۆمارکراوە. لە داتا زمانیی کوردییدا جگە لە نواندنە سینتاکسیەکەی کە ئازادانەیەو ئاخێوەری زمانی کوردیی بواری بەرجەستەکردنی بیرو بۆچوون و هەستەکانی خۆی تێدا هەیە، بەڵام هەر ئاخێوەرێکی زمان لە بازنەیەکی گشتییدا پێڕەوی ئەو شتە باوانە دەکات، کە لە داتازمانییە نەتەوەیاتییەکەیدا هەیەتیی، بۆ ئەوەش پشت بەو فۆرمە چەسپاوانە دەبەسترێت، کە تاک بێ ئاگایەنەو بێئەوەی دەسەڵاتی خۆی تێدا بێت، لە زمانی دایکەوە وەریدەگرێت. بۆ نموونە فۆرمە مۆرفۆلۆژیی و ئیدیۆمەکان لە فۆرمە چەسپاوەکانن، کە زانیاریی گشتیی دەربارەی ڕیزبوون و داتا دووبارەکەی تێدایە. بە بەراورد لەگەڵ دروستە سینتاکسییە ئازادەکانی (35)، فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانی (37) بە پێی هەژموونی گشتیی کەتەگۆرییە چالاکەکەی پێش کەتیگۆرییە ناچالاکەکە خستووە، ئەوەش پەیکاڵی ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی (35_ا)، کە پەیوەست بە جۆری کۆمەڵایەتییەوە (social sexual) بەپێی بیرکردنەوە گشتییەکە داڕێژرابوو، بەڵام ئەمان چەسپاون و پەیوەست بە زایەندو جێندەرو ئەکتیڤییەتەوە دەرخەری بیری کۆمەڵایەتیی کوردن. نموونەکانی (35_ا) لە سەرەتادا هەڵگری لێکدانەوەیەکی زایەندیین، چونکە ئەوانەی هێنراونەتە پێشەوە یان لە پێشەوەن زایەندی مێن، ئەوەش بەو شێوەیەی لە (35_ب)دا خرایە ڕوو، پەیوەست بە سەرلەنوآ داڕشتنەوە(Paraphrasing)ی تاکەوە ڕیزبەندیی کەتیگۆرییەکان دەگۆڕێن، بۆیە نموونەکانی (30_ب) دەبنە بەڵگەی ئەوەی کە دروستەکە بەرەو جێندەر دەڕوات، چونکە هێنراوە_پێشەکانی ئەو نموونانە پێگەو جۆری کۆمەڵایەتییان لای تاک زیاترە.

37) دەموچاو، سەروپێ، دەستوپل، دەموپل، قاچوقول، شانومل، ماڵومنداڵ ، برنجوشلە، داروبەرد، گەنموجۆ، دارودرەخت، داوودەرمان، دارودیوار، ....

ئەگەرچیی ڕیزبوونی کەتەگۆرییەکان لە (37) لە تێڕوانینێکی زایەندییەوە نەکەوتووەتەوە، بەڵام وەک لە نموونەکانی پێشتردا ڕوونکرانەوە جێکەوتەی یەکەمی کەتیگۆرییەکە زایەند یان جێنەر بنوێنێت، ئەوا خاوەنی جۆرێکی کۆمەڵایەتیی گرنگترە لەوەی دووەم، بۆیە نموونەکانی (37) بە پێی جێندەر داڕێژراون ، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەکتیڤ بن. بەوەش جێندەرو ئەکتیڤیی پەیکاڵی یەکتری دەبن. بەتایبەتی گەر بڕوانرێتە ئیدۆمەکانی زمانی کوردیی ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو کەتیگۆرییانەی لە دروستە تەکرخراوەکاندا یەکەمن، زۆرترین چالاکییان لە داڕشتنی ئیدۆمەکاندا هەیەو لە سایکۆلۆژییەتی ئاخێوەری زمانەکەدا زۆرترین گرنگیی و چالاکیان هەیە. لە (38) نموونەکان (بۆ ئیدیۆمی وشەیی و ڕستەیی) لەسەر کەتیگۆری (دەست) جێبەجێ دەکرێت، کە ئەوە دەردەخات، ئارگومێنتی (دەست) لە ئاوەزی کورددا پەیوەست بە داڕشتە سایکۆلۆژییەکەی و جۆرە کۆمەڵایەتییەمەیەوە گرنگ و چالاکە. تەنانەت بۆ سوپاسە مەعنەویی و کۆمەڵایەتییەکانیش کەسێک هەر شتێکت بۆ بکات یان پێشکەشت بکات دەربڕاوی (دەستخۆش !) لە ئەوانی تر چالاکترن.

38) ا. دەستکورت، دەستڕۆشیتوو، دەستبڕ، دەستکراوە، دەستبەسەر، دەستدرێژیی، دەستبڵاو، دەستخەڕۆ، دەستشکاو، دەستیاو، دەستەودامان، دەستپیس، دەستپاک، دەستسووک، دەستقورس، دەستلێهەڵگردن، دەستتێکەڵکردن، دەستبەسەراگرتن، دەستەوستان،....

ب. دەستی لە هەمانەکەوە دەرچوو، دەستی داخ بوو، دەستی ناگاتێ، دەستی لێی نابێتەوە، دەستی پێگەیشت، ...

**ئەنجام**

1. زایەند بوونێکی دنیایی هەیەو پێشبینیی دەکرێت، لە زماندا فەرهەنگییانەو مۆرفۆلۆژیانە پۆلەڕەگەزیی فەرهەنگیی بۆ دابڕێژرێت و فۆرمەکە زانیاریی لەسەر واتای زایەندیی بدات، بۆ ئەوەش زمانی کوردیی فۆرمی فەرهەنگیی و داڕێژراوی زایەندیی هەیە.

2. سەرباریی خاڵی یەکەم زمانی کوردیی پریدیکاتەکانی زانیاریی واتاییان پەیوەست بە زایەندەوە لە خۆیاندا هەڵگرتووە، کە لە نواندنە سینتاکسییەکەیاندا لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست ئارگومێنت بە نیشانەی [+/- نێر]ەوە کۆتوبەند(Restriction) دەکات. لە سینتاکسیشدا بەپێی دروستەی زانیاریی قسەکەر بە یەکێک لە نیشانەکانی [+/- نێر]ەوە ئارگومێنتەکانی دەنێرێت بۆ گوێگر ، ئەم پرۆسەیەش لە ڕاستەوە بۆ چەپ ڕوودەدات.

3. نیشانەکردنی زایەندیی لە زمانی کوردییدا لە سینتاکسیش دایە، هەریەک لە جێناویی سەربەخۆو مۆرفێمەکانی ڕێکەوتنیش لە سینتاکسدا زایەندەکەیان وەک یەکێک لە نیشانەکانی ناوەوەیان خەزنکراوە. بەو شێوەیەی لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە مۆرفێمەکانی ڕێکەوتن تەنها بۆ دۆخی ڕێزمانیی جیاواز دەشکێنەوەو فۆرمیان دەگۆڕێت، کەچیی لە کرمانجیی سەروودا جێناوەسەربەخۆکان بۆ دۆخ دەشکێنەوە.

4. ئەگەرچیی ناوی تایبەتیی لە بیرکردنەوە دیرۆکییەکەیدا تێڕوانینێکی جێندەرییانەی هەیە، بەڵام ئەو تێڕوانینە لە ئێستادا بەسەر زایەندی جیاوازدا دابەش بووە.

5. جێندەر دیاریکردنی جۆری کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵدا، کە بە پێی لێکۆڵینەوەکە لە نێوان نیشانەی [+/- نێر] لە گۆڕانکاریی دایە. لە پێکهاتە واتاییەکاندا زانیارییە واتاییەکان بەو جۆرە دەخرێتە ڕوو، کە لە پێکهاتەکاندا پریدیکات و ئارگومێنتەکان لە ڕووی واتایی و سینتاکسیشەوە کۆتوبەند دەکات. زمانی کوردیی لەو ڕوانگەیەوە پەیوست بە تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکەییەوە کۆتوبەندەکان دەشکێنێت یان زانیاریی واتایی پریدیکاتەکان فراوان دەکات.

6. جۆریی کۆمەڵایەتیی کە لە سەر بنەمای جێندەر دروست دەبێت، دەبێتە داڕێژەری کەتیگۆرییە چالاک و ناچالاکەکان لە فەرهەنگیی ئاوەزیی کوردییدا، بەرجەستەکردنی ئەو ئاوەزدارییە لە فۆرمیی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و ئیدیۆمەکاندا دەبێت.

**سەرچاوەکان**

**1- بە زمانی کوردیی:**


1. ئاڤێستا کەمال مەحموود (2012)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانیی.
2. ئاوات ساڵح قادر (2015)، ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی.
3. بژوێن یەحیا محەمەد (2016)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
4. شاخەوان جلال کەریم (2013)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتوور، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانیی.
5. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی.
6. گۆنا عومەر عەبدوڵا (2013)، دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی.
7. محەمەدی مەحویی و کاروان عومەر قادرو شیلان عومەر حسێن (2010) ، دروستەی کردار، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.
8. محەمەدی مەحویی(2011)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.
9. محەمەد مەعروف فەتاح، کۆکردنەوەوئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.


**2- گۆڤار :**


10. بەکر عومەر عەلیی و عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، سنووری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، ژمارە (34) 2011 B.


**3- بە زمانی ئینگلیزیی :**


11. Aarts ،B. (2001) English Syntax and Argumentation 2nded. Palgrave.
12. Aitchison ،J. (1999) LIGUISTICS ،UK ،London.
13. Alzaidi ،Muhammad. (2014) Information Structure and
14. Intonation in Hijazi Arabic ،University of Essex.
15. Cook ،V.J & Newson ،M.L. (1997) Chomsky's Universal Grammar 2nd ،black well: Oxford.


**4- ئینتەرنێت**


http://languagelog.ldc.upenn.edu/myl/ldc/ling001/gender.htm https://en.wikipedia.org/wiki/Language_and_gender

http://gas.hoasen.edu.vn/en/gas-page/understanding-relationship-between-language-and-gender

http://csl.psychol.cam.ac.uk/publications/pdf/94_Marslen-Wilson_PsychRev.pdf

http://public.wsu.edu/~gordonl/Grammar_Book/Chapter_4.pd
http://www.ef.com/english-resources/english-grammar/noun-gender
https://newspaper.annahar.com/article
http://medind.nic.in/jak/t08/i1/jakt08i1p181.pdf
http://pluto.huji.ac.il/~msyfalk/Case-T%26T.pdf
https://web.stanford.edu/~traugott/resources/TraugottLuraghiProofs.pdf

**ملخص**

يبين هذا البحث المعنون (التحديد النحوي والجيندري فى اللغة الكوردية)، التحديد الجنسي والجيندري فى المعجم والصرف والنحو. وبعد ذلك يوضح تاثير تحديد الجنس على تحديد الجيندري ثم على نشاط المفردات المعجمية فى الاشكال الصرفية و النحوية. وفى النتيجة استنتج البحث ان الجنس له تاثير على اختلاف الجيندري وزيادة نشاط الكلمات المعجمية.

**Abstract**

This research ،entitled (Syntactic and generically marking in Kurdish Language) ،defines sex and gender in lexicon ،morphology and grammar. Then it explains the effect of sex determination on the identification of gender and then on the activity of vocabulary in morphological and grammatical forms. As a result ،the study concluded that sex has an effect on different gender and increasing the activity of lexical words.